# ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان و کوردستان: ڕۆڵ و کاریگەریی

# ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان لە ناساندنی کورد و پرسی کوردستان

ناوونیشانی کۆنفرانسی زانستی نێوان زانکۆی سۆران و پەیمانگای

ڕۆژهەڵاتناسی (ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیا) بە هەمەهەنگی و پاڵپشتی

نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیای فیدراڵ لە ڕێکەوتی ٢٩-

٣٠ ئەیلولی ٢٠٢٤ بەڕێوە دەچێت.

**The Russian Orientalists and Kurdistan: role and effects of the Russian orientalists in introducing the Kurds and the cause of Kurdistan**

## پێشەکی

لە سەردەمێکدا کە لە ناوەندە ئاکادێمییەکانی جیهان کەمتر باسی کوردستان دەکرا، ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان لێکۆڵینەوەی بەنرخیان لەسەر کوردستان کرد و ناوی کوردیان لە ئاستی جیهانیدا بەرز کردەوە. لێکۆڵینەوەکانی ئەوان سەبارەت بە زمانی کوردی، مێژووی کوردستان، کۆمەڵناسیی کوردستان و سیاسەتی کوردی ئێستاش لە بەنرخترین لێکۆڵینەوەکانی کوردستاناسین. زانایانی وەک ڤلادیمیر مینۆرسکی[1]و ئیگۆر دیاکۆنۆف[2] و یڤگێنییە ڤاسیلێڤە[3] و ئۆلگە ژیگالینە[4] و میخایل لازەریڤ[5] و نیکۆلای مار[6] و زارا یوسوپۆڤە[7] و قەناتی کوردۆییێڤ[8] لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زمانەوانیی بەنرخیان لەسەر کوردستان کرد و نەریتێکی کوردستاناسییان دامەزراند کە ڕەهەندی زانستی و سیاسی هەبوو. هەروەها ژمارەیەک لە خوێندەوارانی کورد بۆ درێژەدان بە خوێندن چوونە وڵاتی ڕووسیا کە دواتر وەک کۆڵەکەکانی کورستاناسی لە نێوخۆی کوردستان خزمەتیان بەو بوارە کرد؛ کەسانی وەک کەمال مەزهەر و مارف خەزنەدار و کوردستان موکریانی و جەبار قادر و ڕەشاد میران و ئەنوەر قادر. ئاشکرایە کە ئەو زانا کوردانەش لەژێر کاریگەریی مامۆستا ڕووسەکانیان

---

[1] Vladimir Fyodorovich Minorsky (Владимир Фёдорович Минорский) (1877 – 1966)
[2] Igor Mikhailovich Diakonoff (И́горь Миха́йлович Дья́конов) (1915 – 1999)
[3] Evgeniya Ilinichna Vasileva (Евгения Ильинична Васильева) (1935 – 2023)
[4] Olga Ivanovna Zhigalina (Ольга Ивановна Жигалина) (1946 — 2013)
[5] Mikhail Semenovich Lazarev (Михаил Семенович Лазарев) (1930 – 2010)
[6] Nikolai Yakovlevich Marr (Никола́й Я́ковлевич Марр) (1865 – 1934)
[7] Zara Alievna Yusupova (Заре Алиевна Юсупова) (1934 – 2022)
[8] Qanat Kalashevich Kurdoev (Кана́т Кала́шевич Курдо́ев) (1909 – 1985)

لێکۆڵینەوەیان لەسەر کوردستان کردووە و شوێن پەنجەی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دیارە.

لە لایەکی دیکەوە، دەکرێت لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان هەڵسەنگێنین. بەکارهێنانی تیۆریی ڕەخنەیی بۆ هەڵسەنگاندنی نووسینەکانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان دەلاقەی نوێ بەرەوڕووی کوردستانناسی دەکاتەوە. هێنانەگۆڕی پرسیاری وەک: ئایا لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان سەبارەت بە کوردستان تەنیا ئاراستەی زانستییان هەیە یان پەیوەندیی بە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ڕووسیاوە هەیە؟ لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان هەتا چ ڕادەیەک لەسەر بنەمای بەڵگە مێژوویی و زمانییەکانە و لە کوێ زیاتر پشت بە گومان دەبەستێت؟

بۆ زیاتر ناسینی ڕۆڵ و کاریگەریی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان لە ناساندنی کورد و پرسی کوردستان، **زانکۆی سۆران و پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی (ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیا) بە هەماهەنگی و پاڵپشتی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیای فیدراڵ لە ڕێکەوتی ٢٩-٣٠ ئەیلولی ٢٠٢٤ بەڕێوە دەچێت.** ئامانجی ئەو کۆنفرانسە جگە لە ڕێزگرتن لە ڕۆڵی بەنرخی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان لە ناساندنی کوردستان لە ئاستی جیهانیدا، هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی ئەوان لە بواری کوردستانناسی لە ئاستی نێوخۆی کوردستان و جیهاندایە.

**ئامانجەکانی کۆنفرانس**

ئامانجی ئەم کۆنفرانسە ئەوەیە کە تێگەیشتنێکی قووڵ سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەریی ڕۆژهەڵاتناسە رووسەکان لە ناسین و ناساندنی کوردستان پێشکەش بکات. بەشداربووان دەتوانن ڕوانگەکانی خۆیان سەبارەت بەو بەستێنە مێژوویی و سیاسییە بخەنە ڕوو کە بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان بپرژێنە سەر کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

ئامانجێکی دیکەی ئەم کۆنفرانسە پێشخستنی وتووێژی کولتووری لە نێوان پسپۆڕە ڕووسەکان و کوردەکانە. ئاڵوگۆڕکردنی ئایدیاکان و ڕوانگەکان لە نێوان بەشداربووان و شێوەگرتنی هاوکاریی زانستی لە نێوان دوو لایەنی کورد و ڕووسدا یەکێکی دیکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو کۆنفرانسەیە.

**شێوەکانی کۆنفرانس**

کۆنفرانسەکە بە شێوەی قسەکەری سەرەکی (keynote speaker)، پانێلەکانی وتووێژ، پێشکەشکردنی وتار و وۆرکشۆپ بەڕێوەدەچێت.

**تەوەرەکانی کۆنفرانس**

تەوەرەکانی کۆنفرانس بابەتەکانی خوارەوە لە خۆ دەگرێت بەڵام سنووردار نییە و دەکرێت لە دەرەوەی ئەو تەوەرانەش وتار پێشکەش بکرێت:

**تەوەری مێژووی کوردستان:**

- ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان و گێڕانەوەی مێژووی کۆنی کوردستان (ماد و ساسانی و هتد)
- ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان و گێڕانەوەی مێژووی هاوچەرخی کوردستان
- مینۆرسکی و کورد
- دیاکۆنۆف و کورد

**تەوەری زمانی کوردی:**

- ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان و پێناسەی زمانی کوردی
- ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان لە ناسنامەی زمانیی کوردیدا
- گرامەر و سینتاکسی زمانی کوردی لە نووسینەکانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکاندا
- گرامەر و سینتاکسی زمانی کوردی لە نووسینەکانی خوێندەوارانی کوردی ڕووسیادا

**تەوەری ئایین لە کوردستان:**

- مێژووی ئایینی ئیسلام لە کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسییەوە

- مێژووی ئایینی ئێزدی لە کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسییەوە
- ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان و ئایینی مەسیحی لە کوردستان
- ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان و ئایینی جوولەکە لە کوردستان

**تەوەری سیاسەتی کوردی:**

- پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسی و سیاسەتی ڕووسیا لەهەمبەر کوردستان
- پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسی و سیاسەتی ڕووسیا لەهەمبەر عێراقدا
- لێکدانەوەی ڕەخنەیی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسی لە ڕوانگەی تیۆریی ڕۆژهەڵاتناسییەوە
- بەراوردکردنی سیاسەتی ڕووسیا لەهەمبەر کوردستان لە سەردەمی سۆڤیەت و دوای سۆڤیەت لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسیدا

**تەوەری کولتوور و میدیای کوردی**

- ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر و کولتووری کوردی لە نووسینەکانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکاندا
- ڕەنگدانەوەی میدیای کوردی لە نووسینەکانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکاندا

- ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان سەبارەت بە بارودۆخی ژنی کورد
- ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان سەبارەت بە موزیکی کوردی